ئەنتەنیە گیتیرەس پەیامەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان بە تروسکەی هیوا ناو دەبات



ئەنتەنیە گیتیرەس، سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان "پشوازی" لە پەیامەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان کرد و بە "تروسکەی هیوا" ناوی برد.

ستیفان دوجاریک، گوتەبژی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە زاری سکرتێری گشتییەوە گوتی، داواکارییەکەی ئۆجەلان سەبارەت بە چەکدانان و هەڵوەشاندنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان دەبێتە هەی چارەسەرکردنی ململانێیەکی لەمێژینە.

ستیفان دوجاریک، گوتەبژی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاوەشی گوت، "ئەمینداری گشتی پشوازی لەو پشهاتە گرنگەی تورکیا و پەیامەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان، سەرکردەی زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات، داواکارییەکەی بە چەکدانان و هەڵوەشاندنەوەی پارتەکەی تروسکەی هیوایە و دەبێتە هەی چارەسەرکردنی ململانێیەکی دێرین".